# بەرەو 8 ی مــارس 3

بژی 8ی مارس،
ڕۆژی جیهانی ژن.

بلاوكراوەيەكی رۆژانەيە رێكخراوی ئازادی ژن لە عێراق دەری دەكات | www.equalityiniraq.com | 01.03.2005

لە جياتی سەرووتار

## بەشێك لە بەياننامەی رێكخراوی ئازادی ژن لە عێراق بە بۆنەی 8 ی مارسەوە

لەئێستاوە ژنان وريكخراوەكانيان لەهەموو وولاتانی دنيا لە چالاكی و خۆئامادەكردندان بۆ 8ی مارس. رێكخراوی ئازادی ژن لەعيراق وكوردستان و دەرەوە، ئامادەكاری خۆی دەستپێكردووە بۆ رێزگرتن لەم رۆژە.لەكاتيكدا بەم بۆنەيەوە پيرۆزبايی لەتەواوی ژنانی دنيا وعيراق وكوردستان دەكەين، بانگەوازی خۆمان ئاراستەی ژنان وپياوانی عيراق وكوردستان دەكەين كە رێز لەم رۆژە بگرن لە هەموو شوێنەكانی عێراق وكوردستان.

......

لەدوای جەنگ وداگيركاری ودەست ئاوەڵەبوونی ( ئازادانە )ی بزووتنەوەی ئيسلامی بەسوونی وشيعيەوە، هێرشيكی تازە كرايە سەر مافەكانی ژنان لەعيراقدا، هێرشيك كە راستەوخۆ درێژە و قووڵكەرەوەی ئەو پێشيلكاريانەيە كە دەرهەق بە مافەكانی ژن دەكرا لە سايەی نيزامی بەعسی فاشيدا، كە بۆ سێ دەيە بەردەوام بوو، تا ئەو رادەيەی گەيشتە سەربرينی ژنان لەسەر شەقام وگەرەكەكان و بەبەرچاوی خێزان ومنداڵەكانيانەوە.

حيجابی ئيجباريان بە هێزی چەك فەرزكردەوە بەسەر ژناندا و سەرەتاييترين مافيان لەژنان زەوتكرد، كە مافی ئازادی پۆشينی جل وبەرگی مەدەنيە، كاركردن بە ياساكانی حكومەتی بەعس درێژەی پێدرا، چەند ژنە فەرزكرايەوە، زەواجی موتعە برەوی پەيدا كرد، كە بازرگانيەكی سيستيماتيكی بزووتنەوە ئيسلاميەكانە بەژنانەوە. هەزاران رێگايان لێگيرا بچنەدەرەوە، چوون بۆ قوتابخانە و چوونەسەركاريان لێ قەدەغەكرا. هەروەها پراكتيكەكردنی ئاساييترين جموجۆلی رۆژانە لە بازاركردن وگەران ورۆيشتن بۆ شۆينە تەرفيهيەكانيان لێ قەدەغەكرا. كوشتنی ناموسی بەشێوەيەكی بێوێنە فراوانبووەوە.....

***ژنان وپياوانی ئازاد يخوازا!***

ئيستا ئيمە پاش چەند رۆژيكی تر رێز لە 8ی مارس ئەگرين، پێويستە خەباتی خۆمان يەكگرتوو بكەين لە پێناو يەكگرتوويی ژنان و پياوانی عێراق، لە پێناو پارێزگاری لە مافەكانی ژنان وجێبەجێكردنی ئازادی و يەكسانی بۆ ژنان. با 8ی مارس شانبەشانی ژنانی دنيا بكەينە رۆژی كۆتايی پێهێنانی هەڵاواردنی جنسی وكوشتنی ژن و توندوتيژی دژ بە ژنان. با 8ی مارس بكەينە رۆژی يەكگرتوويی ژنان لەسەراسەری عيراق وكوردستان لەگەڵ ژنانی دنيادا، لە پێناو زامنكردنی مافەكانی ژنان، مافی كاركردن، مافی خۆيندن، مافی بەهرەمەندبوون لە ئەمنيەت، مافی پاراستنی ژن لە توندوتيژی نێومالٌ،.........................

پاشماوە بۆلاپەڕە 2



نەك تەنها لە عيراق يان لە ئيران يان لە وولاتانێك كە وەزعی ژنان تيايدا جيگای ئاخ هەڵكيشانەو ژنان گيرۆدەی زەقترين هەڵاواردن وستەمن، بەڵكو تەنانەت لە پێشكەوتووترين وولاتانی جيهانی ئەمرۆماندا، چەوساندنەوەی ژن ونايەكسانی نيوان ژن وپياو لە دياردە قيزەوون وبەرجەستەكانی كۆمەڵگايە، لە مۆديرنترين وولاتانی ئەمرۆدا هێشتا يەكسانی وگەيشتنی ژنان بە مافەكانيان خەبات و تيكۆشانی زۆری لەبەردەمدايە. لە وولاتانيكی وەك عيراق ، ئيران، وولاتانی عەرەب زمان و زۆربەی وولاتانی خۆرهەلات. لە وولاتانيكدا كە ئيسلام تيايدا دەسەڵاتدارە يان لە هێزيكی ئەوتۆ بەهرەمەندە و كاريگەری بەسەر قانوونی ئەو وولاتەوە هەيە، ئەم چەوساندنەوە و ستەمە لە توندترين شيوەی خۆيدايە. لەم وولاتانە سيستمی ئابووری وسياسی، خوێندن وپەروەردە و ئايدۆلۆژيا وفەرهەنگی دەسەڵاتدار ، دادگا و قانوون لەسەر بناغەی هەڵاواردنی ئاشكراو بێ پەردەی ژن دامەزراوە و لەخوارەوە بوونی جيگەوريگەی ژن پايەيەكی ئەسڵی ئەم بوونيادو دەسەڵاتانەيە، قانوون و بودجە و ئيمكاناتی زۆر، رۆژنامە و تەلەفزيۆن و سەدان رۆژنامەنووس و نووسەر، زيندان و دادگاو مەلاو مزگەوت و پاسەوان... تەرخان كراون بۆ بارهێنانی كۆمەلگە و جەماوەر بەو باوەرەی كە ژن پلەدووە، كەم ئەقل و بێ ئيرادەيە، سەرچاوەی فەساد و بەدڕەوشتيە لە كۆمەلگەدا، شايستەی كوشتن و بەردەباران كردن و لەنيوبردنە گەر لەو سنوور وجيگاو ريگا نزمە لايدا كە بۆی دياری كراوە.

ئەم هەلومەرجەی ژنان، ئەم چەوساندنەوە بێ پەردەيە، ئەم ژێردەستبوونە ئاشكرايە، خود بەخود فەرهەنگی ئينسانەكان نيە، وويست و ئارەزووی ئينسانەكان نيە، ئەمە ژيانی واقعی ئينسانەكان نيە، ئەمە ئارەزووی ژنان نيە، ئەمە ئارەزووی پياوان نيە. ئەمە دەسەلات و قانوون و فەرهەنگێكی داسە پێنراوە.

لەو كۆمەلگايانەدا كە ئيسلاميش تيايدا دەسەڵاتدارە، يان قانوونی ئيسلامی هەيە، بەرۆشنی نيشانەی فەرهەنگێكی تر لەنيو خەڵكيدا دەبينرێ، بوونی بزووتنەوەی ديفاع لەمافەكانی ژنان، مەيدانداربوونی بەرچاووی بيروباوەر و نووسراوەكانی ماركس، سەمپاتی بۆ ژيانێكی مۆديرن. مۆسيقا و گۆرانی مۆديرن تا دێت لە نێو خەڵكيدا گەشە دەكات...هەموو ئەمانە نيشانەی بوونی فەرهەنگێكی ترە، كە بەتەواوی

***ناسك ئەحمەد***

## 8ی مارسی ئەمساڵ، ڕۆژی "نـــا"ووتنە بەدەسەڵاتی قەومی وئيسلامی، بەڵێ ووتنە بۆ جيايی قەوم و دين لەدەوڵەت" *عبدالله مەحمود*



ئەمساڵيش ژنانی عيراق وەكو بەشێك لە ئۆردوی ژنانی دنيابەرەو پێشوازی لە 8ی مارس، رۆژی وەستانەوە بەرووی ئاپارتاتدی جنسيدا، خەريكی خۆئامادەكردنن. بەڵام ئەگەر بزوتنەوەی يەكسانی خوازانەی ژنان لە سەراسەری دنياداو لەهەر گۆشەو كەنارێكيدا، لەهەرووڵاتەوژێرسايەی هەر نيزام وسيستەمێكدا، بەپێی تايبەتمەندی ئەو وڵاتوسيستەمە، و بەپێ ی گەشەو پێشرەوی بزوتنەوەكەيان، دروشموداخوازی يەكانی خۆيان دەهێنە مەيدان و بەئاقاری داسەپاندنياندا بۆی هەڵدەسورێن. ئەوا بۆ ژنانی عێراق، 8ی مارسی ئەمساڵ تايبەتمەندی خۆی هەيە، لەعێراقدا تا ئێستا دەوڵەت و حكومەت نيە، تا ئێستا ياساو ريسا نيە، تا ئێستا عيراقی بەكەلاوەكراو لەهەموو رويەكەوە داروخاو وێرانەيە، كۆمەڵگا بەگشتی و ژنان بەتايبەتی لەهەلومەرجێكی دژوارو پر كارەسات و مەرگەساتدا نوقمن، هەموو هەوڵی بەرەی بورژوازی بە ئەمريكا و ئيسلامی سياسيەوە، بە قەومگەرايانی كوردو عەرەب و توركمانەوە، بە تايفەو عەشيرەتە زيندوكراوەكانەوە، بە وڵاتانی كۆنەپەرستی ناوچەكەوە، بە ئاخوند و حاجی بازاريەكانەوە، لەهەوڵی ئەوەدان دەوڵەت و حكومەت دروست بكەنەوە، پەيامی دروستكردنەوەی دەوڵەت و حكومەتيش بە فلتەری دەستورسازيدا وەری ئەخەن. ئێستا باسی دەستورە.....

پاشماوە بۆلاپەڕە 2

**ئازادی ژن پیوەری ئازادی وئینسانیەتی کۆمەڵگەیە.**

پاشماوەی لە جیاتی سەرووتار................

**ماڤی بەهرەمەندبوون لە پەیوەندی خۆشەویستی بەبێ ئەوەی شمشیر لەسەر ملمان بێت، ماڤی سەفەر بەبێ ئەوەی فەرزبکرێت کە* محرم* یان چاودێر* یکمان بەسەرەوە بێت.**

**بائەم رۆژە بکەینە رۆژی بەرزکردنەوەی خواستەکانمان، خواستی کۆتاییهێنانی داگیرکاری وتیرۆریزمی ئیسلامی، وە رۆژی دەستوریکی سکولار بۆ عێراق وجیابوونەوەی دین لە دەوڵەت وجێبەدیکردنی یاسا مەدەنیەکان بۆ هەموو هاووڵاتیانی عێراق، بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە ودین وجنس.**

**با لەم رۆژەدا ژنان وپیاوان پێکەوە لەهەموو شار وزانکۆ و قوتابخانە و کارگە وگەرەك ولادێیەکادا، هەستن بە رێکخستنی سەدان کۆبوونەوەی گشتی وچاوپێکەوتن وئاهەنگ گێران، بۆ ئەوەی دەنگی ژنان وداواکارییەکانیان، کە جیهانێکی ئازاد ویەکسانە بگەیەنین بە دنیا.**

......

**لەگەڵمان بن، پەیوەست بن، بەرێکخراوی ئازادی ژن لەعیراق کە دەنگیکی جەسورە و پارێزەری راستەقینەی مافەکانی ژنانە لە عیراق، لەپیناو ئازادی ویەکسانی وکۆمەڵگایەکی موتەمەدن وسکولار لەعیراقدا.**

**بژی 8ی مارس**
**ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق.**
2005/2/3



## بڵاوکراوەی کلاسەکامپن ی نەرویجی گفتو گۆیەکی لەگەڵ بەهارمونزیر سازکرد

ڕۆژی 21 ی فیبروار بڵاوکراوەی "کلاسەکامپن" کە بڵاوکراوەی بەرەی چەپەکانەو لەسەراسەری نەرویجدا بڵاوئەبێتەوە، گفتو گۆیەکی لەگەڵ بەهار مونزیر بەرپرسی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە نەرویج سەبارەت بە "هەڵبژاردن" لە عێراق ساز دا. لەو گتو گۆیەدا بەهار تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئەوەتا ئیسلامی سیاسی هەر لە ئێستاوە کەوتونەتە هەوڵی ئەوەی کە دەستورێکی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگای عێراقدا بسەپێنن. ئەمەش بە مانای ئەوەیە ئەو مافە زۆر کەمانەشی کە پێشتر ژنان هەیانبوو لێیان ئەسەنێتەوە. هەروەها ئیسلامی‌یەکان چ لە فەلوجەو وە چ لە شارەکانی تر کە باندەکانیانی لێیە گەورەترین بێمافی یان بەسەر ژناندا سەپاندووە، وە تەنانەت ژنان لە پۆشینی جلو بەرگیشدا ئازاد نەبوون. وە باسی لەوە کرد کە ڕێکخراوی ئازادی ژن دوو سەنتەری بۆ پارێزگاری لە ژنان لە بەغدادو کەرکوك پێکهێناوە کە تا ئێستا چەندین ژنی پاراستوە لەوانەش لەنێویاندا ئەوانەی کە لەسەر پۆشینی جلو بەرگی مەدەنی کەوتونەتە بەر هەڕەشەی ئیسلامی‌یەکان.

پاشماوەی 8 ی مارسی ئەمساڵ..........

تا لەورێگایەوە دەوڵەت و حکومەتی دڵخوازی خۆیان، کە بێگومان دەوڵەتی دڵخوازی ئەم بەرە کۆنەپەرستە لەگەڵ مافەفەردی ومەدەنیەکان و مافەکانی ژنان بەتایبەتی ناکۆکی ریشەیی هەیە، هەموویان بە پاساوی باوەشێنکردنی کۆنەپەرستی دەیانەوێ دین وەکو تاکە سەرچاوەی دەستور و یاساکان، یان وەکو سەرچاوەیەکی دەستور جی بخەن،و بیکەنە مەبنای پێکهینانەوەی دەوڵەتێکی قەومی ودینی.

ئەمەش بۆ ژنان یانی رەسمیەت دانەوە و داسەپاندنی دەیان و سەدان یاساو ریسای دواکەوتوی ئەخلاقی و کەلتوری و ناموسی کە سەربەخۆیی و ئیرادەی سەربەخۆی ژنان و شەخسیەتی ئەوان وەکو هاولاتیەکی خاوەن ماف یەکسان لەکۆمەڵگادا ژێر پێ دەخات و کلور کلور لە ژنان دەخاتەوە بەردەم غەزەبی شەریعەت"قورعان و حدیس" و بەمەش لێدان و سوکایەتی پێکردن، سەنگسارو حجاب، سیغەو فرەژنی، جیاکردنەوەی ژنان وپیاوان....تاد، وەکو حوکمی خودا لەکۆمەڵگادا پێ بەرێوەدەبرێت و کوشتاری ژنان و خەڵکی ئازادیخوازیش لە ژێر پاساوی وەستانەوە بەروی حوکمەکانی خودادا رەسمیەتی پێدەدرێت.

8ی مارسی ئەمساڵ هەربەوهۆیەوە کە هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی بەرەی بۆرژوازی عێراقی بۆ دانانی وەها دەستورێك و دامەزراندنەوەی دەوڵەت و حکومەتێك لەسەر بنەمای ئەم دەستورە کۆنەپەرستانەیە، بۆیە راستەوخۆ ئەم 8ی مارسە ئەبێتە سەنتێزی وەستانەوە بەرووی ئەم یاسایەو ئەم هەوڵانەی بەرەی بۆرژوازی کە بۆ پێکهێنانەوەی دەوڵەتیکی کۆنەپەرست خۆیان بۆ ئامادەکردووە.

ئەمە ئەم تایبەتمەندیە سەرەکی یە، کە 8ی مارسی ئەمساڵ بۆ ژنانی عێراقی دەکاتە مەیدانی نمایشی بزوتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان بەڕووی پێکهێنانەوەی دەوڵەت و داسەپاندنی دەستوردا، وەدەبێ بکرێتە مەیدانی نمایشی بزوتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی کە بەدروشمی" نا بۆ دەسەڵاتی قەومی ئیسلامی، بەڵی بۆ جیایی دین و قەوم لەدەوڵەت، بەڵی بۆ یەکسانی هەمە لایەنەی ژنان لەگەڵ پیاوان" بێتە مەیدان.

ژنان و بزوتنەوەی یەکسانی خوازانەی ژنان، لەو خەبات و بەرامبەرکییەیاندا لەگەڵ بەرەی بۆرژوازی بەتەنها نین، بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازانەی دنیاو لەنێویشیاندا بزوتنەوە رادیکالەکانی ژنان و دنیای متەمەدین، ئوردوی پشتیوانی لە خەباتی ژنان و بزوتنەوە بەرابەری خوازەکەی دەبن.



## ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق، رۆژی 8ی مارس ئەکات بە رۆژی خەبات لە پیناو دەستورێکی علمانیدا لە عیراق:

**لە ژێر دروشمی نا بۆ دەستوری ئیسلامی بەڵی بۆ دەستوری علمانی**
**ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق بە بۆنەی 8ی مارسەوە هەلدەستیت بە سازدانی چەندین چالاکی وخۆپیشاندان**
**و کۆرکۆبوونەوە لە بەغداد و چەندین شاری تری دنیا:**

**- رۆژی 8ی مارس ریکخراو کۆنگرەیەك دەبەستیت لە شاری بەغداد لە ژیر ناوی ( ژن و دەستور) کە تیایدا**
**سەبارەت بە خواستی ژنانی عیراق بۆ جێبەجێکردنی دەستوریکی علمانی قسەوباس دەکریت. بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ( یەنار محمد) ەوە :**
yanar2002@hotmail.com

**– بەشی سویدی ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق بە هاوکاری لەگەڵ کۆمیتەی دیفاع لە ماڤ ژنانی عیراق کۆنفرانسێکی فراوان دەبەستیت لە شاری ستۆکهۆلم، بە زمانەکانی سویدی و ئینگلیزی و عەرەبی وکوردی، سەبارەت بە مەسەلەی دەستوور لە عیراقدا. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن بە هەلالە رافع ەوە پەیوەندی بگرن.**
halalarafii@yahoo.com

**– لەشاری لەندەن ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق هەلدەستیت سازدانی میتنگیگ لەبەردەم قونسولیەی عیراقی. بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بگرن هۆزان مەحموودەوە:**
Houzan73@yahoo.co.uk

**بەشەکانی تری ریکخراوی ئازادی ژن لە شارەکانی ئەلمانیا، ئەمەریکا_ وولایەتی کالیفورنیا، کەنەدا، فینلەندا، هۆلەندا، ئوستورالیا هەلدەستن بە سازدانی چەندین کۆبوونەوە و خۆپیشاندان وئاهەنگ لە رۆژی 8ی مارسدا.**

**بەشداریتان لە چالاکیانەدا نیشانەی ریزگرتنتانە لەم رۆژە.**

بەرەو 8 ی مارس
بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە، رێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق بۆ پێشوازی لە 8 ی مارس، رۆژی جیهانی ژنان، دەری دەکات!
سەرنوسەر: ناسك ئەحمەد
nasikahmad2@yahoo.com
سەرپەرشتیار: عمر احمد ( خطاط )

**لە 8ی مارسی ئەمساڵدا هەموو بەیەك دەنگ هاوارکەن مەرگ بۆ دەسەڵات و قانوون و تیرۆریزمی ئیسلامی.**